www.kurdistannet.org
11-6-2007 18:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ماچ ... فرمێسک مستەفا

ژیانم گوزەرکردنێ بوو بە ژێرلێزمە بارانێکی غەماویا
ڕاکردن بوو بەدووی هەورە ڕەنگ پەمەیەکاندا
شەونخونی بوو لەهێلانەی باڵندە کۆچەریەکاندا
سەماکردن بوو لەگەڵ گەڵاوەریوەکانی دامێنی شۆستەی شەقامەکان
چنینەوەی فرمێسکەکانی بەختەوەری بوو
دەست لەملانێی ئازارەکانی مانگ بوو،
کەوام کرد لە ئاسمانەوە ئاشقم بێت..
لەگەڵ وەهمێکدا ئیشتیهای ماچێکم بکا
خەتای من بوو
بەتریفەی ئەو شەوانەکۆلارەیەکم دروست دەکرد
ماچێکم لەسەر دەنەخشاند
لەسەربانی سەرابێکەوە هەڵم ئەدا
شەماڵێکی بزێو
دەی ئالاندا لەدەزوولەکانی تەلیسمی خۆرەوە
نەم بەختەوەریەم لێ وون دەبوو
ئەویش لەگەڵ هەڵاتنیدا
ئیشتیهای ماچێکی نەخشێنراوی دەکرد
هەڵقرچاو لەبەرتیشکی خۆر
و ...
شڕو وور
و شەکەت بەدەستی باو بۆرانەوە ... ...

1/6/207

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.